# من والله -به ویستی الله- ئەگەر سوێند لەسەر شتێك بخۆم، پاشان ببینم شتێكی تر لەوە خێرترە، كەفارەتی سوێنەكەم دەدەم، وئەوە جێبەجێ دەكەم كە خێرترە

له ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ كۆمەڵە پیاوێك لە ئەشعەریەكان ؛ داوای وشترم لێكرد بۆ سواربوون، فەرمووی: «واللە سوارتان ناكەم (لەسەر هیچ شتێك)، هیچ شتێكم لە لا نییە بۆئەوەی سواری ببن»، پاشان هێندەی خوای گەورە بیەوێت بەو شێوەیە ماینەوە ؛ ودواتر وشتر هێنرا، وفەرمانی كرد وسێ وشتر بە ئێمە درا، كاتێك ڕۆیشتین هەندێكمان بە ئەوانی تریان دەووت: خوای گەورە بەرەكەت ناكاتە نێومانەوە، هاتین بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- داوای وشترمان لێكرد بۆ سواری ؛ سوێندی خوارد كە نەیدات پێمان بەڵام دواتر سواری پێداین، ئەبو موسا دەڵێت: هاتین بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەمان بۆ باسكرد، ئەویش فەرمووی: «من سواریم پێنەدان، بەڵكو خوای گەورە سواری پێبەخشین، من واللە -بە ویستی اللە- ئەگەر سوێند لەسەر شتێك بخۆم، پاشان ببینم شتێكی تر لەوە خێرترە، كەفارەتی سوێنەكەم دەدەم، وئەوە جێبەجێ دەكەم كە خێرترە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەبی موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە ئەو چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ خەڵكانێك لە هۆزەكەی، مەبەستیان ئەوە بوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وشتریان پێبدات بۆئەوەی سواری بن وبتوانن بەشداری جیهاد بكەن، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی وشتریان پێ نەدات چونكە هیچ وشترێكی لەلا نەبوو؛ دەڵێت: بۆیە گەڕانەوە وبەو شێوەیە مانەوە، پاش ماوەیەك سێ وشتریان هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وناردی بەدوایاندا، بۆیە هەندێكیان بە ئەوانی تریان ووت: خوای گەورە بەرەكەت ناخاتە نێو ئەم وشترانەوە؛ چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی وشترمان پێنەدات بۆ سواری، بۆیە لەسەر ئەم بابەتە چونە لای پێغەمبەر وپرسیاریان لێكرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: ئەوەی سواری پێبەخشین الله یە -سبحانە وتعالى- ؛ چونكە ئەو كاری ئاسان كرد وڕزقی بەخشی، ومن تەنها هۆكارێكم ئەمە لەسەر دەستم جێبەجێ بوو، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من واللە سوێند لەسەر شتێك بخۆم لەوەی بیكەم یان وازی لێبهێنم؛ ئەگەر ببینم شتێكی تر جگە لەوەی سوێندم لەسەری خواردووە خێرتر وباشترە، ئەوا باشترەكە ئەنجام دەدەم و واز لەوە دەهێنم كە سوێندم لەسەری خواردووە، وكەفارەتی سوێندەكەم دەدەم.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2961

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee